Kurdistannet کوردستان نێت

# هەرلەودەمەی کەجێم هێشتی ئەحمەد دەشتی

هەر لەو دەمەی من جێم هێشتی
تارمایییەکان لێم دیار بوون
چاو لە لوتکە دوور دوورەکان
زەق دەمڕوانی
ئاسۆی خەم و ئازارەکان لێم ئاڵا بوون
هەتا ئەمڕۆ نە ڕەوایتەوە
لەو ئاسمانە پڕ غوبار و تەماویەم دا
دۆندەکانم لە باوەشی
زامەکانی خۆما دەگرت
لە خەرەندی ژانەکانی لە مێژینەم
بە سەر جەستەی پڕ برین و
نەهامەتی و کوانانی
ئەم دەروونەم ڕادەبرم
هەنگاو هەنگاو دەڕۆیشتم و
بەرەو مەرزی  لە خوێن سوورم
هەرچیم دەدی و لێم دیار بوون
ڕەنگی کفن و دابڕان و نامۆیی بوون
لەژێر سایەی نەیاران بوون
کە دمڕوانی
کێلە بەردە بەرزەکانم
لەو دوورەوە وەدی دەکرد
ژیلەمۆکان  پشکۆی گڕیان بەرزەبۆوە و
بلێسەی خەمیان بەرزە بۆوە و
بە هاڵاوی سوتینەریان
گەلێ مەرگیان وەدی دێنا
کۆمەڵ کۆمەل تەرمی لاوان

**له هەلێری ئەو ناوەدا**
**بە کفنەوە لێم دیار بوون ڕیز کرابوون**
**خەلکێکی زۆربەجلی ڕەشیان**
**بە دڵی خەم و گریانەوە**
**تەرمەکانیان دەگواستەوە بۆناو**
**قەبرستانی ئەوبەری دێ**
**گشت ئەو ناوەم وەدی دەکرد**
**هەر مەزار و گۆڕستان بوو**
**سەرم بەسەر هە کێلێکا  کە دا دەگرت**
**بە خەتێکی دروشت و ڕەش**
**لە سەر هەر کێڵی نوسرابوو**
**ئەمن چووم و ئێوە ماون**
**بەڵام نەکەن هەرگیز ڕۆژێ**
**پشت بە دومنانتان ببەستن**
**نەکەن هەرگیز دەست لە دەستی دوژمن بنێن**
**نەکەن ببنە هاوڕیێی هەرسێ**
**گورگەکانی دەورو بەرتان**
**ئەوان هەموو کەلب تێژن**
**داگیرکەرن  خوێنتان  دەڕژن**
**ڕێیان مەدەن بێننە ناوتان**
**بۆیان بلوێ بۆ هەتایە خوێنتان دەمژن**
**ئەوان هەموو بۆ کورد کوشتن**
**یەک ئامانج و یەک باوەڕن**
**زۆر لە مێژە دژ بە کوردو کوردستانن و**
**دڕندەنە و بێ ویژدانن**
**خۆشەویستە ئازیزەکەم**
**هەر لەوکاتە کە من کێلی**
**گلکۆی یارو هەڤالانی خۆم خوێندەوە**

ئەمن فێر بووم کەوا چی بکەم
فێرووم کە وا  هەتاکوو هەم
نەفرین لە ڕووی هەموو
پەست و دوژمنانی کوردم بکەم
قەت نامەوێ چارەی ئەوان
قەت نامەوێ دۆستایەتی و
هاوکاریی و دەست لە دەستیان
بۆ خۆم خاک و هەواری خۆم
ئاوەدان و وەپێش دەخەم
بۆ خۆم ماڵی خۆم ڕێک دەخەم
دەست لە ملێ خۆشەویستی
کوردستان و کوردم دەکەم
دیوارێکی بەرز و بەرێن
دژ بە دوژمن دە سازمەوە
بە هیچ کلۆجێ رێیان نادەم ئاو دیو ببن
چونکە ئەوان گەر بێنەوە
پیشەیانە وەک هەمیشە
دوژمن خاکی کوردستانن
هەمان جەردەی مێژووی کون و
زۆر دندە و بێ ویژدانن
کورد کوژانی دیرۆکمانن
*